# Barnebøker for Norge

barneboker.no

## یەك تۆوی بچووك، چیرۆكی وانگاری ماتای

Skrevet av: Nicola Rijsdijk
Illustret av: Maya Marshak
Oversatt av: Agri Afshin

Denne fortellingen kommer fra African Storybook (africanstorybook.org) og er videreformidlet av Barnebøker for Norge (barneboker.no), som tilbyr barnebøker på mange språk som snakkes i Norge.

Dette verket er lisensiert under en Creative Commons
Navngivelse 4.0 Internasjonal Lisens.
https://creativecommons.org/licenses/by/4.0/deed.no

# یەك تۆوی بچووك، چیرۆكی وانگاری ماتای



Nicola Rijsdijk
Maya Marshak
Agri Afshin
kurdisk (sorani)
nivå 3



له گوندێك له دامێنی چیایی کینیا له ڕۆژهەڵاتی-ئەفریقا،
کچێکی بچووك له گەڵ دایکی له سەر زەویەکانیان کاریان
دەکرد. ئەو ناوی وانگاری بوو.



وانگاری پێی خۆش بوو هەمیشە لەدەرەوە بێ.

خێزانەکەیان بێستانێکیان هەبوو. ئەو بە چەقۆیەکی گەورە عەرزەکەی دەکێڵا و تۆوی بچوکی دەخستە ناو عەرزە گەرمەکەوە.




بەلای ئەوەوە خۆشترین کاتی ڕۆژ، دوای خۆر ئاوابوون بوو. کاتێك هەوا تاریك دەبوو کە ئیتر نەدەکرا گیایەکان ببینێ، دەیزانی کە ئیتر کاتیەتی بگەڕێتەوە ماڵێ. ئەو بە تەنیشت دێراوەکانی ناو زەویەکاندا دەڕۆشت و بەسەر تەپۆڵکەکاندا وەسەردەکەوت.





وانگاری لە ساڵی 2011 کۆچی دوایی کرد، بەڵام ئێمە دەتوانین ئەومان بە بیر بێتەوە هەرکات چاومان بە درەختێکی جوان دەکەوێ.




وانگاری کچێکی زیرەك بوو و دەیهەویست بچێت بۆ قوتابخانە. بەڵام دایك و باوکی پێیان خۆش بوو لە ماڵ بمێنێتەوە و لە کاروبارەکانیان یارمەتیان بدات. کاتێك تەمەنی بوو بە حەوت ساڵ، برا گەورەکەی دایك و باوکی ناچار کرد کە رێگەی وانگاری بدەن بڕوات بۆ قوتابخانە.





وانگاری بە سەختی کاری کردبوو. خەڵکی هەموو دونیا ئەم کارانەی ئەویان بەرز نرخاند و بە ناوبانگترین خەڵاتیان پێدا. کە پێی دەڵێن خەڵاتی ئاشتی نۆبڵ. وانگاری یەکەمین ژنی ئەفریقا بوو کە ئەو خەڵاتەی وەرگرت.




ئەو حەزی لی بوو شت فێر بێت! وانگاری هەتا دەهاتوو زیاتر شت فێر دەبوو کاتێك کتێبی دەخوێندەوە. ئەو ئەوندە زیرەك بوو لە قوتابخانە تاکو ئەوەی رۆژێك دەعوەتیان کرد بۆ ئەمریکا بۆ خوێندن. وانگاری زۆر خۆشحاڵ بوو! ئەو دەیهەویست شتی زیاتر لەبارەی جیهانەوە فێر بێت.





کات تێدەپەڕی و درەختە نوێیەکان گەورە دەبوون و دارستان دروست بوو. ڕووبارەکان دووبارە بووژانەوە. چیرۆکی وانگاری بە هەموو ئەفریقادا بڵاو بوویەوە. ئەمڕۆ بە ملیۆنان درەخت گەورە دەبن بە هۆی تۆوە بچوکەکەی کە وانگاری چاندبووی.



وانگاری لە زانکۆی ئەمریکا شتی زۆر نوێ فێر بوو. ئەو لە بارەی ڕووەکەکانەوە دەیخوێند و ئەوەی کە چۆن گەورە دەبن. و بیری لەوە دەکردەوە ئەو خۆی چۆن گەورە بووە: “ لە دارستانە جوانەکانی کینیا لە گەڵ برایەکانی یاری دەکرد.





وانگاری دەیزانی دەبێ چی بکات. ئەو ژنەکانی فێر کرد کە تۆوی بچوك بچینن. ژنەکان درەختەکانیان دەفرۆشت و پارەکانیان بە باشی بۆ خێزانەکانیان بەکار دەهێنا. ئەوان زۆر خۆشحاڵ بوون. وانگاری وای لێکردن کە خەڵك هەست بە ئازایی و بە هێزی بکەن.



هەرچەند زیاتر شت فێر دەبوو هەستی دەکرد زیاتر خەڵکی کینیای خۆش دەوێ. ئەو دەیهەویست خەڵك ئازاد و خۆشحاڵ بن. و هەرچەند زیاتر فێردەبووزیاتر بیری وڵاتەکەی خۆی لە ئەفریقا دەکردەوە.





کاتێك ئەو لە خوێندن تەواو بوو، گەڕایەوە وڵاتەکەی خۆی. زەوییە کشتوکاڵیەکان زۆر گەورەتر ببوون و وڵاتی هەموو داگرتبوو. ژنەکان داریان نەبوو کە ئاگر بکەن و خواردن دروست بکەن. خەڵك هەژار بوون و منداڵەکانیش برسی بوون.